گفتوگۆی هاوڵاتی لەگەڵ (حەمە کاکە رەش)ی شاعیر

حەمە کاکە رەش

سازدانی: زمناکۆ بورهان قانع

حەمە کاکە رەش یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی کە زۆر بە کەمی دەنوسێتو وەك خۆی دەڵێت تەنها نوسینی سێ قەسیدە بۆ شاعیرێکی جیددی لە ساڵێکدا کافییە، سەرەڕای سەرقاڵبوون بە دونیای شیعرەوە ناوبراو کۆمەڵێك دیدارو چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەك لە رووناکبیرانی کوردیدا سازداوە. بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حەمە کاکە رەش سەبارەت بە نوسینو دنیای شیعری ناوبراو هاوڵاتی پێی باش بوو ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازبکات.

هاوڵاتی: گەر سەرەتای دیدارمان بە پرسیارێك دەربارەی گەڕانەوە بۆ منداڵی دەستپێبکەین بە تایبەتی ئەگەر وتەیەکی بۆدلێر ئامادەبێت لەو پرسیارەدا کاتێك دەڵێت: بلیمەتیی گەڕانەوەی دەستی ئەنقەستە بۆ سەردەمی منداڵیی، ئایا وەك شاعیرێك منداڵی ئێوە چۆن بووە؟ بارگاویی بووە بە پرسیار؟ یان بە سادەیی و خامۆشی تێپەڕاندووە؟

داخۆ منداڵیکی بێدەنگ تا ئێستا لە ناختدا ماوە؟ یان لەسەرەتاوە بە پێچەوانەی کازانتزاکیس کە ئامۆژگاریمان دەکات بەوەی نەهێڵین منداڵە بچوکەکەی ناو ناخمان گەورە بێت ئیشت لەسەر کوشتنی ئەو منداڵەی ناو ناخت کردووە؟ دەکرێت لێرەوە دەربارەی منداڵیی تۆ کەمێك ئاشنابین؟

حەمە کاکەڕەش: منداڵیم راکشانبوو لەسەر ئاگرو پیاسەکردن بوو بەلێواری بێدەنگییەکی پر لە دەنگدا، منداڵیم خۆشاردنەوە بوو لە تابوتێکدا، بەنیازی یاریکردن. منداڵیم ئاوڕدانەوەیەك بوو بۆ بۆنی گوڵەکان، بۆ لەرینەوەی سێویێك کە بەدەستی بایەکی هارەوە بینیم. منداڵی من یەك دیوو یەك ڕەنگ تەبوو، بارگاوی بوو بە پرسیارو بێدەنگیو رامانو بیرکردنەوەو سادەییو لاساری، کە کەسێك دەمرد من دڵتەنگ دەبووم، بیرمدەکردەوە مردن چییە؟ چی دەوێت؟ ئەی مردووەکە ئیتر چیدەکات؟ دەچێت بۆ چ جێگایەك؟ و کەی دەگەڕێتەوە؟ ئەی بیری ئێرەناکات؟ کە باران دەباری گەش گەش دەبوومەوە، واهەستمدەکرد دەڕژێتە ناخمەوە تینوێتیم دەشکا، کە باڵندەکان دەفڕین پێکەنین دەیگرتم دڵم پردەبوو لە خۆشی نەمدەزانی بۆ بەفڕینی کۆترەکان ئاوا مەستدەبم؟ کە دراوسێیەکمان باریاندەکرد کپ کپ دەبووم هەموو ئەو ڕۆژانەی پێکەوە یاریمان کردبوو دەگەڕانەوە بەرچاوم پڕ دەبووم لە گریان دەترسام ئیدی بۆ ئەبەد نەپانبینمەوە، زۆرجار بیرم لە سەگو باڵندەکان دەکردەوە، کۆترم هەبوو دەمچڕپاند بە گوێیاندا دەمووت بڕۆن بەرز بفڕن بۆنی هەورەکانم بۆبێنن، لە سەگەکان ورد دەبوومەوە حەزمدەکرد بتوانم قسەیان لەگەڵبکەم، هەروەك چۆن بیرکردنەوەو پرسیارکردنو ڕامانو کپبوون بەشێك بوون لە منداڵی من هەر ئاوایش لاساری بەشێك بوو لە منداڵی من، تا خوا حەزبکات شەڕەبەردو ڕاکە ڕاکو هارە هاریم دەکرد بەڵام بەردەوام هەستم بە خورپەیەك دەکرد نازانم ئەو خورپەیە چییبوو؟ لەوپەڕی دڵخۆشیدا تەواو دڵتەنگی دەکردم، گوناهە ئینسان وەك یادەوەری قسە لەسەر منداڵی بکات چونکە منداڵی نابێتە یادەوەری، دەبێت ئەوە بڵێم: منداڵیکی ئاسایی بووم وەك زۆربەی منداڵەکانیتر بەڵام دیارنەمانی باوکم بە دەستی پیاوەکانی تاریکی، ڕۆیشتنی باوکم، گرتنی باوکم لەلایەن پیاوەکانی سەدامەوە، نەگەڕانەوەی باوکم، بەرکەوتنێکی وێرانکەربوو بۆ من ئیدی من لەو ڕۆژەوەی هەستمکردو زانیم کە من منداڵیکم باوکم نییە، تێکشکام، داغانبووم، لە ناوەوە بوومە یەك ڕەنگو یەك دەنگو یەك هەناسەی نائومێدیو نائومێدی بوو بە من. تا ئێستا نازانم بۆ بەردەوام لە دەرگاو پەنجەرەی داخراو دەترسم.

هاوڵاتی: لەنێو بەشێکی زۆری بەرهەمە شیعرییەکانی تۆدا بەتایبەتی ئەگەر زیاتر قسە لەسەر (دەرەوشانەوەی نائومێدی) بکەین دەبینین زۆربەیان ئیشێکی بەردەوامن لەسەر نائومێدی، نائومێدییەك دوای نەمانی قسەکردن لەسەر جوانییەکانی ژیان، من بۆخۆم نازانم ئەگەر لە ژیاندا جوانییەك هەبێت ئایا دەکەوێتە چ مەملەکەتێکەوە؟ بەهەرحاڵ پرسیار لێرەدا ئەوەیە دەکرێت بڵێین ئەو دەقە بەشداربوانەی ناو ئەو کۆمەڵە شیعرە هیچ ئاسۆیەکیان تێدا نییە بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوەی ئومێد؟ یان ئەو دەقانە جارێکی تر ئیشکردنن لەسەر ئومێد وەك فەریادڕەسێك بۆ ئەو کەسانەی یان ئەو خوێنەرانەی خۆشنودی غیابی بەردەوامی هەیە لە ژیانیاندا؟ یان چۆن؟

حەمە کاکەڕەش: نائومێدی من، هێندە نائومێدانەبوو تا دواجار دەرەوشایەوە، هەر بۆیە کتێبەکەم ناونا (دەرەوشانەوەی نائومێدی). ژیان هەر بۆخۆی نائومێدییە چونکە لەگەڵ کردنەوەی هەموو شکۆفەیەکدا، بای مردنێکیش ئامادەیە تا دواتر هەڵیبوەرێنێت، ئێمە دەزانین ژیان ڕەنگینە بە ڕەنگەکانی نائومێدی، بەڵام ناچارین بەوەی کە دەبێت هەوڵدەین دڵخۆشبین، پێبکەنین... هتد، من نائومێدییەك ڕەنگەکانی ڕژانە یارییەکانی منداڵیمەوەو بەردەوام دەستی دەگرتم بۆ کۆڵانەکانی تەنیایی و بە هەناسەی پر حەسرەتو نیگای تێکشکاوەوە ژیانی پێناساندم و پێیوتم: لە ئێستاوە تا ئەبەد چاوەڕێی گەڕانەوەی باوکت بە، کە ون دەبێت لە نائومێدیداو ئەو ناگەڕێتەوە. بەڵێ شیعرەکانی کتێبی دەرەوشانەوەی نائومێدی، ئیشێکی بەردەوامن لەسەر نائومێدی، لە زۆر لەو شیعرانەدا دەرەوشانەوەی نائومێدیم نووسیوەتەوە ئیشم لەسەر هەناسەکانی نائومێدی کردووە، مردنی ئینسانێك، دابڕانی دوو عاشق، شکانی پەنجەرەی دڵێك، خۆسووتاندنی ژنێك، هەڵوەرینی گوڵی هیوایەك، بینینی غەدرێك، لەدەستدانی منداڵیو جوانی، نووسینەوەی هەریەکێك لەمانە ڕەنگو دەنگی نائومێدین لە شیعرەکانی منداد، ئیدی لێرەدا خەیاڵ نەبێت هیچ جوانییەك ناتوانێت کۆمەکێك بە هەستی من بکات تا ئەو شیعرانە ئاسۆیەکیان تێدابێت بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوەی ئومێد، بەڵام سوپاس بۆ خەیاڵ، لە خەیاڵدا توانیومە لەو دەقانەدا ئیشبکەم بۆ نووسینەوەی ئومێد، توانیومە مردن بگەیەنمەوە سەر ڕێگاکانی ژیان، هەڵوەرینو پیریو تێکشکان بخەمەوە باوەشی جوانیو بەردەوامی. بەڵێ دەروشانەوەی نائومێدی بە خەیاڵ دەتوانیت وابیخوێنیتەوە کە جارێکیتر ئیشکردنن لەسەر ئومێد وەك فەریادڕەسێك بۆ ئەو کەسانەی یان ئەو خوێنەرانەی خۆشنودی غیابی بەردەوامی هەیە لە ژیانیاندا. من ویستومە وەك تۆڵەکردنەوە لە نائومێدی پە خەیاڵ وێرانیبکەم، ئاسمانی چۆڵی نائومێدی پربکەم لە شەقەی باڵی کۆترەکانی خەیاڵ، کۆڵانی خامۆشی نائومێدی هەراسانبکەم بە هارەهاری منداڵەکان، دەرگاو پەنجەرەی داخراوی نائومێدی بە دەستی خەیاڵ بشکێنم، بەڵێ تەنها بە خوێندنەوەیەکی خەیاڵییانە ئاسۆیەکیان پێبە بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوەی ئومێد.

هاوڵاتی: لەنێو دەقی (منو خۆم) دا لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئیشێکی بەردەوامت کردووە لەسەر خوڵقاندنی جۆرە ئەتمۆسفیرێك لێوانلێو لەپارادۆکسییەت، دوو کارەکتەری وەهمی کە ئەوانیش پێدەچێت لەهەمان کاتدا یەك کەس بن دوالیزمێك دەخوڵقێنن و بەردەوام لە ململانێی ئەوەدان کە کامیان بتوانێت موناجاتی ناوەکی تۆ بە شێوەیەکی تەندروست تەرجەمە بکات، ئیشکردن لەسەر جۆرە پارادۆکسێکی وەها تا چەند شاعیرو خوێنەر وندەکات لەنێو ئەو تەمومژەدا کە دەقەکە خوڵقاندوویەتی؟ دەکرێت لێرەوە بە وردی قسە لەسەر ئەو دەقەو لایەنە شاردراوەکانی پشتی دەقەکە بکەیت؟

حەمە کاکەڕەش: فیختەی فەیلەسوف دەڵێت: سەرنج لە خۆت بدە، چاوت لەسەر ئەو شتانەی لە چواردەورتن بگوازەوە بۆ ناوەوەت. من لە دەقی (منو خۆم)دا لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە ئاگاوە ئیشم لەسەر خۆمکردووەو ویستومە دونیای ئەم شیعرەم بەتاڵ بێت لە دووبارەکردنەوە، بەتاڵبێت لەو هەموو بە ناو عەشقو سووتانو دابڕانەی کە ئەمڕۆ شیعری کوردی گرۆگاڵی پێدەکات. دەقی (منو خۆم) نووسینەوەی ژیانە، ژیان خۆی پرێتییە لەناکۆکی (پارادۆکس) کە دەڵێم: نووسینەوەی ژیانە هەڵبەتە ژیانی خۆم دەڵێم، هاوڕێم تۆ لە پرسیارەکەتدا دەڵێیت: لەنێو دەقی (منو خۆم) دا لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئیشێکی بەردەوامت کردووە لەسەر خوڵقاندنی جۆرە ئەتمۆسفیرێك لێوانلێو لەپارادۆکسییەت، دوو کارەکتەری وەهمی کە ئەوانیش پێدەچێت لەهەمان کاتدا یەك کەس بن دوالیزمێك دەخوڵقێنن و بەردەوام لە ململانێی ئەوەدان کە کامیان بتوانێت موناجاتی ناوەکی تۆ بە شێوەیەکی تەندروست تەرجەمە بکات، ئیشکردن لەسەر جۆرە پارادۆکسێکی وەها تا چەند شاعیرو خوێنەر وندەکات لەنێو ئەو تەمومژەدا کە دەقەکە خوڵقاندوویەتی؟ دەکرێت لێرەوە بە وردی قسە لەسەر ئەو دەقەو لایەنە شاردراوەکانی پشتی دەقەکە بکەیت؟

حەمە کاکەڕەش: فیختەی فەیلەسوف دەڵێت: سەرنج لە خۆت بدە، چاوت لەسەر ئەو شتانەی لە چواردەورتن بگوازەوە بۆ ناوەوەت. من لە دەقی (منو خۆم)دا لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە ئاگاوە ئیشم لەسەر خۆمکردووەو ویستومە دونیای ئەم شیعرەم بەتاڵ بێت لە دووبارەکردنەوە، بەتاڵبێت لەو هەموو بە ناو عەشقو سووتانو دابڕانەی کە ئەمڕۆ شیعری کوردی گرۆگاڵی پێدەکات. دەقی (منو خۆم) نووسینەوەی ژیانە، ژیان خۆی پرێتییە لەناکۆکی (پارادۆکس) کە دەڵێم: نووسینەوەی ژیانە هەڵبەتە ژیانی خۆم دەڵێم، هاوڕێم تۆ لە پرسیارەکەتدا دەڵێیت: لەنێو دەقی (منو خۆم) دا لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئیشێکی بەردەوامت کردووە لەسەر خوڵقاندنی جۆرە ئەتمۆسفیرێك لێوانلێو لەپارادۆکسییەت، دوو کارەکتەری وەهمی کە ئەوانیش پێدەچێت لەهەمان کاتدا یەك کەس بن دوالیزمێك دەخوڵقێنن و بەردەوام لە ململانێی ئەوەدان کە کامیان بتوانێت موناجاتی ناوەکی تۆ بە شێوەیەکی تەندروست تەرجەمە بکات، ئیشکردن لەسەر جۆرە پارادۆکسێکی وەها تا چەند شاعیرو خوێنەر وندەکات لەنێو ئەو تەمومژەدا کە دەقەکە خوڵقاندوویەتی؟ دەکرێت لێرەوە بە وردی قسە لەسەر ئەو دەقەو لایەنە شاردراوەکانی پشتی دەقەکە بکەیت؟

حەمە کاکەڕەش: فیختەی فەیلەسوف دەڵێت: سەرنج لە خۆت بدە، چاوت لەسەر ئەو شتانەی لە چواردەورتن بگوازەوە بۆ ناوەوەت. من لە دەقی (منو خۆم)دا لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە ئاگاوە ئیشم لەسەر خۆمکردووەو ویستومە دونیای ئەم شیعرەم بەتاڵ بێت لە دووبارەکردنەوە، بەتاڵبێت لەو هەموو بە ناو عەشقو سووتانو دابڕانەی کە ئەمڕۆ شیعری کوردی گرۆگاڵی پێدەکات. دەقی (منو خۆم) نووسینەوەی ژیانە، ژیان خۆی پرێتییە لەناکۆکی (پارادۆکس) کە دەڵێم: نووسینەوەی ژیانە هەڵبەتە ژیانی خۆم دەڵێم، هاوڕێم تۆ لە پرسیارەکەتدا دەڵێیت: لەنێو دەقی (منو خۆم) دا لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئیشێکی بەردەوامت کردووە لەسەر خوڵقاندنی جۆرە ئەتمۆسفیرێك لێوانلێو لەپارادۆکسییەت، دوو کارەکتەری وەهمی کە ئەوانیش پێدەچێت لەهەمان کاتدا یەك کەس بن دوالیزمێك دەخوڵقێنن و بەردەوام لە ململانێی ئەوەدان کە کامیان بتوانێت موناجاتی ناوەکی تۆ بە شێوەیەکی تەندروست تەرجەمە بکات، ئیشکردن لەسەر جۆرە پارادۆکسێکی وەها تا چەند شاعیرو خوێنەر وندەکات لەنێو ئەو تەمومژەدا کە دەقەکە خوڵقاندوویەتی؟ دەکرێت لێرەوە بە وردی قسە لەسەر ئەو دەقەو لایەنە شاردراوەکانی پشتی دەقەکە بکەیت؟

حەمە کاکەڕەش: فیختەی فەیلەسوف دەڵێت: سەرنج لە خۆت بدە، چاوت لەسەر ئەو شتانەی لە چواردەورتن بگوازەوە بۆ ناوەوەت. من لە دەقی (منو خۆم)دا لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە ئاگاوە ئیشم لەسەر خۆمکردووەو ویستومە دونیای ئەم شیعرەم بەتاڵ بێت لە دووبارەکردنەوە، بەتاڵبێت لەو هەموو بە ناو عەشقو سووتانو دابڕانەی کە ئەمڕۆ شیعری کوردی گرۆگاڵی پێدەکات. دەقی (منو خۆم) نووسینەوەی ژیانە، ژیان خۆی پرێتییە لەناکۆکی (پارادۆکس) کە دەڵێم: نووسینەوەی ژیانە هەڵبەتە ژیانی خۆم دەڵێم، هاوڕێم تۆ لە پرسیارەکەتدا دەڵێیت: لەنێو دەقی (منو خۆم) دا لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئیشێکی بەردەوامت کردووە لەسەر خوڵقاندنی جۆرە ئەتمۆسفیرێك لێوانلێو لەپارادۆکسییەت، دوو کارەکتەری وەهمی کە ئەوانیش پێدەچێت لەهەمان کاتدا یەك کەس بن دوالیزمێك دەخوڵقێنن و بەردەوام لە ململانێی ئەوەدان کە کامیان بتوانێت موناجاتی ناوەکی تۆ بە شێوەیەکی تەندروست تەرجەمە بکات، ئیشکردن لەسەر جۆرە پارادۆکسێکی وەها تا چەند شاعیرو خوێنەر وندەکات لەنێو ئەو تەمومژەدا کە دەقەکە خوڵقاندوویەتی؟ دەکرێت لێرەوە بە وردی قسە لەسەر ئەو دەقەو لایەنە شاردراوەکانی پشتی دەقەکە بکەیت؟

تێکستێك ئەگەر هەر نوسەرێك یان هەر شاعیرێك بگریت دەبینیت کۆمەڵێك تایبەتمەندیو خەسڵەتێکی پەیوەندیدار بەخۆی هەیە بۆ نوسین، نزار قەبانی هەمیشە لەسەر کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگ دەینوسی کە لە یەکێك لە پەڕاوگەکانی لەندەن دەیکڕی، گابریل گارسیا ماركیز لەکاتی نوسیندا دەبوو نزیکەی پێنجسەد لاپەڕەی سپی مسوەدەی لە تەنیشت بووایە، ئێدگار ئالان پۆ-ش بە خۆیو بتڵێك ویسکی یان شەرابو ژووڕێکی بێدەنگەوە دەچووە نێو دنیای نوسین، کافکا ژوورەکەی مشکی تێدا بوو پاشان نانەکەی خۆی لەگەڵدا بەشدەکردن هەتا توشی سیل بوو، سادقی هیدایەتیش زۆرجار کەللەسەری مردوویەکی دەخستە سەر مێزی خوێندنەوەکەی پاش بیهۆشبوونی بە تلیاك، دەکرێت بزانین کە ئێوە وەك شاعیرێك چ کەشێك دروستدەکەن لە پێش خوێندنەوەو نوسیندا؟

حەمە کاکەڕەش: نوسینی شیعر لای من بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت من قەت نەمتوانیوە شیعرێك کە دڵم پێیخۆشبووبێت و شیعر بووبێت، بەیەکجارو کتوپڕ بینووسم، من ئاوا ڕاهاتووم بەرلەوەی یەك دێر لە نەدۆزێت. بۆئەوەی کە دەپرسیت: ئیشکردن لەسەر جۆرە پارادۆکسێکی وەها تا چەند شاعیرو خوێنەر وندەکات لە نێو ئەو تەمومژەدا کە دەقەکە خوڵقاندوویەتی؟ دەڵێم تا چەند شیعرییەتم خوڵقاندبێتو زمانو خەیاڵم تەقاندبێتەوە ئەوەندە.

هاوڵاتی: دوا پرسیارمان پەیوەندی هەیە بە چۆنێتی نوسینی دەقێك لای تۆ، بۆ ئیشکردن لە نوسینی هەر دەینووسمەوە. من لەو شاعیرانە نیم کە نەتوانم بەبێ دروستکردنی کەشێکی تایبەت بنووسم، نا گەلێکجار لە وێستگەی چاوەڕوانیدا، یان لە کافتریایەکدا شتم نووسیوە بەڵام ئەو شیعرە نەبووە کە خەیاڵو هەستی من دەیەوێت. ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە کەشی تایبەت دروستنەکەم. نا بە پێچەوانەوە دوای ئەوەی کە بیرۆکەی شیعرێك لە ناخەوە دەبێتە خەونو خەیاڵم، بۆ ماوەیەك لەگەڵیدا دەژیم، دواتر کە کاتی نووسینەوەی دێت لەو کاتەدا شەوێك دادەنیشم خۆم مەستدەکەم، جگەرە زۆر دەکێشم، گوێ لە هەندێك گۆرانی تایبەت دەگرم، ئا لەو کەشەدا دەنووسم، پڕدەبم لە دڵخۆشیو نائومێدی، پڕدەبم لە گومان، وەك ئەوەی سەفەرێکی دووربکەم گوێم لە ترپەی دڵم دەبێت، دەمەوێت بگریم، دەمەوێت هاواربکەم دەمەوێت پێبکەنم، تەواو ناسکدەبمەوە، پێمخۆشە لە هەرجێگایەکدابم تەنیابم، گوێم لە هیچ دەنگێك نەبێت، خامۆشییەك دامدەپۆشێ وەك خامۆشی گۆڕستان. کە دەڵێم شەوێك بڕواناکەم لەژیانمدا توانیبێتم لە ڕۆژدا بنوسم هەرچیم نووسیوە لەشەودا بووە بە تایبەت شەوانی بەفرو بارانو ڕەشەبا کە لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوە دەکەم خەریکە باڵدەرکەم تازە دەبمەوە، دەگەڕێمەوە بۆ لای منداڵی، چیم بوێت دەینووسم بەبێ ئەوەی گوێ بە هیچ بقەو بەربەستێك بدەم. بۆ خوێندنەوە هەر جێگایەك بێت کێشە نییە تەنها ئەوەم دەوێت دووربم لە دەنگەدەنگو بتوانم لەگەڵ بیرۆکەو خەیاڵی ئەو کتێبەدا بڕۆم کە دەیخوێنمەوە.

هونەرمەند شێرکۆ تاڵیب بۆ هاوڵاتی:

بەردەوام کاری جیدیی زەرەرمەندی دەستی کاری ناجیدییە

هونەرمەند شێرکۆ تاڵیب یەکێکە لە هونەرمەندە جیدییەکانی کوردو بەردەوام عاشقانی دەنگی خۆی بە کارو بەرهەمی ناوازە ئاشنا دەکاتو زۆر بەکەمی لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا دەکەوێتە گفتوگۆو هەمیشە کەسێکی بێدەنگو دوورەپەرێزە. لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ **هاوڵاتی** هێندەی پێمانکرا توانیمان بیخەینە نێو کۆمەڵێك باسو گفتوگۆیەکی خێرای لەگەڵدا سازبکەین. ناوبراو لە ١٩٧١\٨\١٢دا لە شاری سلێمانی لەدایکبووەو هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی لە هونەری مۆزیك هەبووەو یەکەمین بەرهەمی لەساڵی ١٩٩٤دا لەگەڵ (گروپی هۆرە) بۆ کەناڵەکانی تەلەفزیۆن تۆمارکردووەو لەساڵی ٢٠٠٠یشدا یەکەمین ئەلبومی بەناوی (شینی فیرقەت) بڵاوکردووەتەوەو ماوەیەك دوای ئەوەش دووهەمین ئەلبومی خۆی بەناوی (وەرە هاوڕێمبە) تۆمارو بڵاوکردووەتەوە. شێرکۆ تاڵیب یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە تازەگەرییەکی تەواوی لە هونەری گۆرانی کوردیدا کردووە. لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا سەرەتا لێمان پرسی: ئێوە یەکێکن لەو هونەرمەندانەی کە لە کەمترین بۆنەو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسیدا دەردەکەونو ماوەیەکی زۆرە بەرهەمی هونەریتان نییە، ئایا هۆکاری ئەو بێدەنگییەی ئێوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئاخۆ لەبەرئەوەیە کە دونیای هونەری کوردی لە ئێستادا بێسەروبەرەییەکی زۆری پێوە دیارە؟ یاخود سروشتی ئێوە بەو جۆرە دەخوازێت کە هەمیشە بە کەمی دەربکەون؟

یان هۆکارەکەی بۆچی دەگێڕنەوە؟ هونەرمەند شێرکۆ تاڵیب لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا پێیڕاگەیاندین کە ئاساییە هەر هونەرمەندێك ڕێچکەو شێوازی تایبەتی خۆی هەبێت لە پێشکەشکردنی بەرهەمی هونەریداو منیش هەمیشە هەوڵمداوە بەرهەمی بەچێژو ڕێچکەشکێن پێشکەشبکەم. ئەو کارەی من دەمەوێت ئەنجامی بدەم کارێکی زۆری دەوێت تا دێتە بەرهەم ئەویش لەبەر چەند هۆیەك کە لەوانەیە یەکێکیان بگەڕێتەوە بۆ هۆنراوەو نەبوونی زەمینەی شیاو بۆ بەرهەمهێنانو پێشکەشکردن، هەروەها بەپلەی یەکەم بۆ نەبوونی بودجەی پێویست، دواتر پێموایە ئەگەر تۆ کارێکی نوێت نەکردبێت پێویستناکات هەموو ڕۆژێك چاوپێکەوتن ئەنجامبدەیت سەرەڕای ئەوەش هەندێك هۆکاریتر هەیە کە ڕەنگە ئێمە لەم کورتەباسەدا نەتوانین قسەی لەسەر بکەین. پاشان سەبارەت بەو سەرلێشێواوییەی کە دونیای ئەمڕۆی هونەری کوردی گرتووەتەوەو بۆ جیاکردنەوەی کارە جیدییەکان لە بەرهەمێکی هاوی پرسیاری ئەوەمان لە ناوبراو کرد کە ئەوان بەحوکمی ئەوەی وەك یەکێك لەو هونەرمەندە دەگمەنانەی کورد کە خاوەنی کارەکتەرو قورساییەکی گەورەنو لەنێو کایەی هونەری کوردیدا بە هونەرمەندێکی جیدیی ناسراون ئایا لەنێو ئەو کایەیەداو لە بواری هونەری گۆرانیدا بە چ پێودانگو پێوەرێك دەتوانین هونەرمەندی جیدیی لە یەکێکی هاوی جیابکەینەوە؟ پاشان وەزیفەو پەیامی هەردوو تایپو جۆری گۆرانییبێژەکە چییە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش هونەرمەندی ناوبراو پێیڕاگەیاندین کە لەئێستادا هیچ پێوەرێك نییە کارەکان هەڵسەنگێنێتو کارە باشەکان لە کارە خراپەکان جیابکاتەوە، پاشان بەردەوام کاری جیدیی زەرەرمەندی دەستی کاری ناجیدییە لەبەرئەوەی لەم زەمینەیەدا کاری ناجیدییو خراپ زۆرتر بەدیار دەکەون لە کاری جیدییو زەرەرمەندی یەکەمیش لەم حاڵەتەدا گوێگری کوردییە کە ڕەنگە زیانی ئایندەی لێبدات و وەزیفەی هەردوو تایپی هونەرمەندەکەش لەڕێی بەرهەمەکەیانەوە بەدەردەکەوێت.

بەمزووانە نوێترین بەرهەمی دڵنیا قەرەداغی بڵاودەکرێتەوە

بۆ کورێك- ناوی ئەو ئەلبومە تازەیەی هونەرمەند دڵنیا قەرەداغییە کە ئێستا کارەکانی جێبەجێکردنو مۆنتاژو ئامادەکردنی گەیشتووەتە کۆتاییو بڕیارواید بەمزووانە لە تۆمارگاو کەناڵەکانی تەلەفزیۆنو رادیۆ کوردییەکاندا پەخش بکرێت. ئەلبومەکە لە (٧) تراك پێکهاتووەو یەکێکیان گۆرانییەکە بە زمانی عەرەبی بە ناوی (یا خسارة) و شەش گۆرانییە کوردییە بەشداربووەکەی تری نێو ئەلبومەکەش ئەمانەن: (بڕوام نەبوو، بۆ کورێك، بێئومێد، لە گوڵێ، منداندا بوو، و تەنیا تۆم). شیاوی ئاماژەیە ئەم بەرهەمە هونەرییەی دڵنیا قەرەداغی لە سلێمانیو لەلایەن (سەنتەری کیژێ)وە چاپو بڵاودەکرێتەوە.